# ڕەنگی باران

فـــەهـــــد گـــردەوانـــی
ستۆکهۆڵم/سوید

بۆسەروەر ئەحمەد و بەیان محەمەد
وەکو ئێوە ڕەنگی
بارانم خۆش دەوێ
ئەگەر پایز
ڕەشماڵی خۆی
لە تۆپکی چیا دانەبەستێ
هەر گەڵای دار بوو
گەردەلوولی دروست دەکرد و
خۆی لە قەدی تۆ دا
دەدۆزیەوە .
نەمدەزانی تۆ
دەبێ قەدت ئەوەندە گەورە بێ
هەتا گەردەلولە بخنکێنێ
ئەوە ئێستا دەزانم ,
قەدی خۆت و
قەدی بەیانت تیکئالاًند بوو
بە دوکەڵی جگەرە
لە یەکترت پێچابوونەوە
لەوێ دوکەڵی ژوورەکەتم
خوێندەوە
ئەو کاتەی دەرگا دۆزرایەوە
حەزم دەکرد پەنجەرەکان ڕەنگدار بکەم
سەرما نازەکانی خۆی بە منی هەژار دەفرۆشی و
خۆی لە گەردەن و چاو و لووتم
دەسوێ .
نێرە و ئەوێ دەیانەوێ بە سەرما بمخنکێنن .
ئەوە هاتی ، ناسنامەکەت
یا پاسەپۆرتت
وێنەی خۆتی  پێوەیە
یا وێنەی شەهیدێکی
لە بیر کراو
هەتا وەکو دەرگای سنوور
بکرێتەوە
بۆ ڕیزگرتن
لە شەهیدی لە بیر کراو
ئەدرێسەکەت ڕابگەینی یا نا
دەتدۆزمەوە
وەکو حەمە شێت و ئاسنەکانی ،
کوا کەی حەمە شێت ئاسنەکانی ناناسێتەوە

بەرخۆکە و شیوی زەماوەندی بوکێ
کوا کەی زەماوەندی هەولێرەکەم
بەبێ بەخۆکە خواردنی تیادا خوراوە
نووسەران و گازینۆی مەچکۆ
کامە گەنج خوێندەوار بوو
ئەگەر رۆژانە سەری لە مەچکۆ
نادابایە و لەگەڵ تەحسین دۆست نەبایە
منوتۆ و کتێبخانەی گشتی
کوا ئەوانەی لە ژێر زەوی
بە کتێبان هەڵدەگەڕان و
یەکە یەکە شیعرەکانیان ماچ دەکرد و
ئەو کاتە لە تەمەنیش
لە رامبۆ بچوکتر بووین .
ئەدرێسەکەت
لە دڵم دا هەڵکێنراوە
ئەی شارەکەم
هەولێرەکەم
ئەی ئەو جووتە کۆترە
لە کوێ خۆیان لەمنی ئاوارە شاردۆتەوە .
کام شەقام ئازارت دەدات
ناوی چی یە ئەو گەرەکەی یەک کەس
دەستی بەسەر داگرتووە و
شەوانە دڵت کون کون دەکات
ناویان چی یە ئەو کەسانەی
ئازارت دەدەن ،
لێ ناگەڕێن بە تەنها بن .
شۆستاکانت لە ژێر قاچی
هەژاراندا بۆ داخراوە ؟!
تۆ گۆڕاوی یا بەیان گۆڕاوە
گوللە دڵی کێ کون دەکات
لە کوێ ئەو دەستە گەردەنتان ماچ دەکات
هەر پایزە جارێکی تر دەست لە ملی
تۆ دەکاتەوە و
گەردەلولە شۆستەکانت
پاک دەکاتەوە...هەولێرەکەم .
دە پێم بڵێ ئەو دوو عاشقە
لە کوێ خۆیان شاردۆتەوە
دەگەڕێنەوە یان من دەگەمە لایان .
ئەوکاتەی تۆم ناسی
لە خۆشیان قاچت دەلەرزی و
دەتگووت ئەو نووسینەم بۆ راست کەوە
باسی ژیانی نێوە دەکا
هەر زوو منیش

بۆ تۆ ، گەرووم پێنگەکانی شاری
لە خەو رادەپەڕاند .
نە تۆ لەخەو رابووی
نە بەیانیش هەواڵی گەیاند .
لە شار رەنجاو بوون ، بۆ لە بەغدا بەبێ ئازار
دوا ئەدرێست راگەیاند .کامە شەقام هەڵتان دەگری
کوا ئەو میوانخانەیەی سەرینی خۆی بۆ راخستن
من دەمەوێ یەکە یەکە
داستانەکان بگێڕمەوە
لە شەقامی گەورەی شێستی
هەتا سەیداوە و سێتاقان
تا دەگاتە
لای قەسری شیمال و ئیسکان
یەکە یەکە باسی نووسین
جا تۆ چیرۆک
منیش شیعر و جار جارەش میعر
لەوێ لە بەغدا داوای ناسنامەیەکم دەکرد
هەتا لە شەقامە قەڵەباڵغەکانی
سەعدوون و جومهوری و رەشید
وون نەبم
گوتیان ناسنامەی تۆ
وا لە ژێر باڵی کێشکە
خۆی شاردۆتەوە
هەڵم دەگری
لە بەردەم چایخانەی پەرلەمان
ئەدرێسەکەم دادەنێ و
خۆ لەکەس ناگەینم
هەموو دەپرسن
ئەو گەنجە کێ یە
وا خۆی دەخواتەوە و هیچ دەنگ ناکا ،
قوتابیانی هەولێرەکەم ،
ئەوانەی دەیناسنەوە ،
لەبن لێویان بە هێمنی دەڵێن
ئەوە سەروەرە ، چاوەڕوانی بەیان دەکات ،
هەتا دەگاتە ئێرە ،
هەر ئاوا کڕە و قسە لەگەڵ کەس ناکا.
سامیای خوشکم
رۆژی 1986/2/17
نازانم لە هەولێر یا لە بەغدا
{ دخان الغرفە }ی بۆ رەوانە کردم
سێ چیرۆک
لەناو ئەو کتێبە خۆی شاردۆتەوە،
بەڵام چاک دەزانم

سەدان و هەزاران چیرۆکی تۆ
وا لە ئاسماند ا بە ئازادی دەسوڕێتەوە.
هاجس 1980 ـ 1982
موت رجل 1983
حلم يقظه 1983
ئەدرێسەکانی تۆ بوون.
کتێبەکەم
لەوکاتیەوە هەتا ئەمڕۆ
بۆنی جگەرەکانی تۆی پێوەیە...
سەروەر ببوورە لەخەوم کردی .
بەیان ببوورە ...
شەوتان خۆش
مێژووەکی نادیار ؟/؟/؟؟؟؟